# نـــــــا بۆ سنور، نـــــــا بۆ نیشتمان
# دیپۆرت كردنەوە راگرن!




رۆژی 2-4- 2005 لەسەر بانگەوازی مینبەری كۆمەلایەتی ئەورپا (ESF) و كۆمیتەی بەرگری لەمافەكانی پەنابەران، رێپیوانیكی نارەزایەتی لە شارەكانی (لەندەن ،نۆتین هام، گلاسگۆ و مانچستەر) بەرێ كەوت دژ بەسیاسەتی دیپۆرت كردنەوەو دەست بەسەركردنی پەنابەران و سیاسەتی نەژاد پەرستانەی وولاتانی ئەورووپا بەرامبەر پەنابەران .

خۆپشاندەران بە درۆشمی (نا بۆ گیرانەوەی پەنابەران ، شەر لەبەرامبەر پەنابەران راگرن)، (نا بۆ سنور نا بۆ نیشتمان ، دیپۆرت كردنەوە راگرن )، ( هیچ كەسێك ناقانونی نییە، ماف پەنابەری ماف ئینسانە ) شەقامەكانی ئەو شارانەیان داگرت.




(فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا، و رێكخراوی سەرتاسەری پەنابەرانی ئیرانی) و ( رێكخراوی بەریتانیای حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق و ئیران_حیكمتیست) لەبەشداربوانی ئەم جولانەوە نارەزایەتی یە بوون لەشارەكانی

نۆتینهام و لەندەن و مانچستەر بە پلاکارت و دروشمی بەرگری لەمافەکانی پەنابەران.






له لەندەن (دەشتی جەمال) بەرپرسی کۆمیتەی بەریتانیای حیزب ولەلایەن فدرسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی ووتارێکی پێشکەش کرد و رای گەیاند:—
( ئێمە وەك بەشێکی بەشدار لەم نارەزایەتیانەی ئەمرۆ بەوپەری توانانەوە لەسەنگەری بەرگری لەمافە انسانی یەکانی پەنابەران راوەستاوین ....،پەیامی نا بۆ سنوری دەست کرد ،نا بۆ نیشتمان ،سیاسەتی دیپۆرت راگرن ..  نا بۆ گرتووخانەی دەست بەسەر ،پەنابەران تاوان بار نین ،مافی پەنابەری مافی انسانە پەیامێکە کە لەدەمی خەڵکی ئازادی خوازی بەریتانیا و رێکخراوە پەنابەری و انسانی یەکانی بەگوی سیاسەتی دژی پەنابەری ئەم دەولەتەی راگەیاند .....2سال بەر لەئیستا  ئەمریکاو بەریتانیا شەرێکی ماڵ ویرانکەریان  بەسەرخەڵکی عیراقدا داسەپاند و درۆیان لەگەل ئێوەکرد دیمکراسی بۆ خەڵکی عیراق دەکەنە دیاری ..شەرێك کە کۆمەڵگای عیراقی لەگەل سیناریوویەکی رەش بەرو رووکرد ..کە زیاتر له125 هەزار لەخەڵکی بیٚ تاوانی عیراق بۆتە قوربانی شەری تیرۆریستانەی هەردوو بەرەی تیرۆریستی دەولەتی و غەیرە دەولەتی .....دیمکراسی یەك کە لە سایەیدا بەهەزاران ژن تیرۆر و ئەتك کراوە بەهەزاران خەڵکی عیراقی بیکار کردوە ..تەنانەت خەبەرێك لەئازادی و مافە مەدەنی یەکان نی یە ،شیرازەی کۆمەڵگای خاپورکراوە ...هەر هەفتەی رابردوو لەژیر دەسەلاتداریتی و داگیرکاری بەریتانیا لە شاری بەسرە قووتابیانی زانکۆی بەسرە بەپێش چاو یانەوە لەلایەن ئیسلامی سیاسی یەوە دەکوژرێن و دارکاری دەکرێن .........  ،عیراقیٚ کە 35 سال لەژیر

دەسەلاتی رەشی بەعس و لەلەلایەن هەر ئەم حکومەتانەوە پشتیوانی لیّ دەکرا و 12 سالّ گەمارووی ئابووری یان بەسەر خەلّکی عیراق داسەپاند وە ختێك هاتوونەتە ئێرە و ناچار بە ئاوارەی و دەربەدەری بوون ،لیرە پیمان دەلّین بگرێنەوە بۆ عیراقی ئازاد بە چەندین پەنابەری عیراقی و کورد رۆژانە نامەی رەفز وەردەگرن و مافی کارکردن و خانووبەرەیان لیّ وەردەگیرێتەوە لەمافە سەرەتایەکان بیّ بەش دەکرێن ،بەلام ئێمە لەگەلّ خەلّکی ئازادی خوازی بەریتانیا ئەمرۆ لەشارەکانی نۆتین هام و مانچستەرو گلاسگۆ و لەندەن نۆینەرایەتی نا مان کرد دژ بە سیاسەتی دژی پەنابەری دەولەتە ئەورپایەکان ،ئێمە پێویستمان بەخۆرێکخستنە لەپالّ بەرەی ئازادی خوازی جیهان و یەکیتی کرێکاریەکان و رێکخراوە انسانی یەکان بۆ بەرگرتن بەم سیاسەتە دژ انسانی یە ،.. بۆ پێشەوە.. سەرکەویّ خەبات و هاوپشتی لەپێناو مافەانسانی یەکانی پەنابەران.........)






هاوریّیانی حیزب بەیانی رێکخراوەی (کۆنگرەی ئازادی عیراق )یان لەنیو خۆپشاندەراندا بلاو کردەوە، پەیتا پەیتا لەلایەن دام و دەزگاکانی راگەیاندنەوە رەسم لەم ریّ پیوانە دەگیراو چاوپێکەوتنیان لەگەلّ بەشداربواندا ساز دەکرد.

لەشاری نۆتین هام هەردوو رێکخراوی (فدراسیۆنی پەنابەرانی عیراق و رێکخراوی سەرتاسەری پەنابەرانی ئیرانی) لەبەشدار بوانی ئەم خۆپشاندانە بوون. ( سەعید ئارمان) بەرپرسی رێکخراوی سەرتاسەری پەنابەرانی ئیرانی بە شیعاری بەرگری لەمافەکانی پەنابەران خۆپشاندەرانی جۆش دەدا. (جاسم غفور) بەرپرسی کاروباری حیزب لەو شارەو لەلایەن فدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی یەوە چاو پێکەوتنی لەگەل تەلەفزیوونی شاری نوتینهام ئەنجام دا و ئەندامانی فدراسیۆن چالاکانە بەشدارییان کرد.

لەشاری مانچستەر فدراسیۆنی پەنابەرانی عیراق لەگەڵ کۆمەڵێك لە پەنابەرانی کورد بەشداریان کردو (بورهان فەتاح)بەرپرسی حیزب لە مانچستەر لەگەل خۆپشاندەران لە سەر ئەوزاعی سیاسی عیراق و کیشەی پەنابەرانی کوردو عیراقی قسەو باسی کرد .

ئەم رێپیوانە سەلماندی بەرە یەکی انسانی و رادیکال و پێش کەوتوخواز لەمەیداندایە  کە بۆ هەڵگرتنی سنورە دەست کردەکان و مافە مەدەنی و انسانی یەکانی هاتووتە مەیدان لەپێناو بەرگری لە پەنابەران و بەدی هینانی جیهانێکی تر.

***فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا***

***2005-4-2***

---

***POBOX1575 ,ILFORD IG1 3BZ LONDON***